هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٨) لە ٢٠١٩/١٠/١٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠) لە ٢٠١٩/١٠/١٦، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بازرگانی و پیشەسازی، دارایی و ئابووری، پلاندانان)، و دەستەی وەبەرهێنان، و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ دیراسەکردنی زیاتر و داڕشتنی میکانیزمی کارگێڕی و قانونی و تەکنیکیی پێویست بۆ قۆناغبەندکردنی بڕگەکانی هاتوو لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەبارەت بە بەبازاڕکردنی ناوخۆیی گەنمی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان کە لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی سەرەوە خرایەڕوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران